کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-12-2006 22:35

# وەڵامێکی ناسکانە بۆ خاتوو تارا لە سلافە هەولێرییەوە

نەم دەزانی ناسك و نازدارێکی وەکوو جەنابت وەڵامی بابەتەکەی من دەدەیتەوە، من چاوەڕوانی ئەوەبووم کە یەکێك لە کاربەدەستانی کوردستان پۆست یاخوود خوودی کەمالی سەید قادر وەڵامم بدەنەوە بەڵام وادیارە وەڵامیان لەلا نەبوو بەرامبەر بابەتەکەی من کە وادیارە ئێستا هەواڵێکی لەسەر بابەتەکەی من بلاوکردۆتەوە، بە هەرحاڵ من لە م یارییەی کەمالی سەید قادرو جەنابی بەرپرسی کوردستان پۆست تێدەگەم چییە و چی لەپشت بێدەنگبوونیان هەیەو بڵاوکردنەوەی هەواڵە هەزەلییەکەشی تەنها بۆ ئەوەندە کە بەڵێ ئێمە هێشتا ماوین و پێمان دەکرێت لەوە زیاتر قسەی ناماقووڵ بکەین و ئیهانەی خەڵکی بکەین و خەڵکی لەگەڵ ڕاستییەکان چەواشە بکەین. بەڵام منیش لێرەوە پێیان دەڵێم کەنەخر ئێوە هیچتان پێناکرێت و ئەوەی ئێستا ئێوە دەیکەن تەنها ئاسنی سارد دەکوتن و دەتانەوێت بوون و هێزی نەماوتان بەم چەند هەواڵە درۆو دەلەسەیە مەشغوول بکەن کە هەرگیز خەڵکی بەدوای قسە هەلەق و بەلەقەکانی ئێوەدا ناگەڕێت بەڵام با کەمالی سەید قادر خۆی لەبیر نەکات لە هەر کارێك دەیکات پاشان دەشبێت خۆی بۆ ئەنجامەکەی ئامادە بکات. پاشانیش ئەگەر چاوو ڕووتان نییە وەڵام بدەنەوە بۆچی ناو تارایەك تووش دەکەن کە ئەسلەن نازانێت چی نووسیوەو باسی چی کردووەو چۆن لەشتەکان گەیشتووە کە لەهەندێك ووشەی دارشتن زیاتر هیچی تیادا نەنووسیوە کە بە پێچەوانەوە من شتی زۆر لەوە گرنگترم ووتووە کە ئەو وەڵام بداتەوە نەوەك باس لەوە بکات کە کوردستان پۆست سایتێکی زۆر موهیمەو ڕاستییەکان دەڵێت و کەس نابێت قسەی لەسەر بکات و پێیی بڵێت پشتی چاویان برۆیە، ، ، من لێرەوە بەناسکی بەو خاتوونە ناسکە دەڵێم خۆت تووشی ئەم یارییەی کەمالی سەید قادرو کوردستان پۆست مەکە پاشان تۆش وەك ئەوانت لێ بەسەر دێت کەس نووسینەکانت لە دوو جار زیاتر ناخوێنیتەوە، ، وەلەو جاری لە کاری نووسینتدا هیشتا قازیت.. بەڵام تۆ پەروەردەی دەستی کوردستان پۆست بیت حاڵت خۆش دەبێت و لە نووسنی هەڕەمەکی و جنێودان هیچی دیکە فێر نابێت. بۆیەش من ئامۆژگاریت دەکەم خۆت تێکەڵاوی ئەم ئاگرە مەکەو تۆش شایەتمانێکی بەهەق بهێنەو تەنها ڕاستییەکان بڵێ... خانم گیان ئێستا زمان زمانی پەنجە دانانە لەسەر ڕاستییەکان نەوەك چەواشەکردنیان، کە بەداخەوە کوردستان پۆست دژی ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەگەرییەو بگرە وەك چایخانەیەکی لێهاتووە هەرچی لە حالی خۆی بیزار بێت و کەس نەبیت قسەی پێبلێت و جێگایەك نەبیت ڕووی تێبکات ئاوا دێت لەم سایتە دا چایەك دەخواتەوەو بابەتێکی خەیاڵاوی بەدەم ئەم چاخواردنەوەیەوە دەنووسێت ئیدی خودا ڕەحم بکات کی دەکەوێتە بن زمان و زاری بێڕەوشتی ئەوانە کە بەهۆیەوە سەرجەم ڕێساکانی مرۆڤایەتی و ئیسنسانییەت لەبیر دەکەن و دەکەونە خەیاڵێکی دوورو درێژی بی بنەما، ، ماوەتەوە بڵێم کە کوردستان پۆست هەرلەسەرەتایەوە دژی ئازادی ئەزموونی کوردستان بووە و بگرە چاوی بە پێشکەوتنەکانی هەڵنایەت چوونکە کوردستان پۆست هەموو لایەك باش دەزانین کەسەر بەچ لایەنیکە و ئەوە نەبێت نەزانین ئەمانە چین و مەخسەدیان چییە.. چونکە بەگووتەی ئەوان خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکەن کە بەداخەوە لە تێکدان زیاتر هیچ خزمەتێك لەوانە نابیندرێن و نا شیبینیین، ، بەوەش نییە کە ئەوان بە درووشمە بریقەدارەکانیان بانگەشەی بۆدەکەن بەڵام ئەمانە هەمووی بۆ کاتی خۆی هەڵدەگرین... قسەیەکی دیکە هەیە دەمەوێت ڕوونی بکەوە گرنگە من لێرەدا بڵێم کە من دەمڕاستی کەس نیم و کەسیش فێرم ناکات ئەو قسانە بکەم کەوەك تاراخان وای بۆ دەچێت، ، تەنها لەبەر ئەوەی کە من وەك ڕۆژنامەنووسێك دڵم ئۆقرە ناگریت ببینم کە سایتێکی وەك کوردستان پۆست خەڵکی کوردستان لە راستییەکان چەواشە بکات کە هەندێك شت هەیە هێڵی سوورو خەڵکی کوردستان شانازییان پێوە

دەکات، من نالێم کوردستان هیچ کەموو کوڕی نییەو بەبیمووشکیلەیە بەڵام زۆر زۆر لەوە باشترە کە ناحەزان باسی لێوە دەکەن خۆ ئەمە ووتنی منی ناوێت وەرنە هەولێرو بەچاوی خۆتان بیبینن پاشان ڕاستییەکان بڵێن پێوویست ناکات کەس لە ئێمە چەواشەکاری لە ڕاستییەکان بکات و بەحەقی خۆشمانی نازانیین چونکە لە کۆتایدا کوردستان هی هەمووانە... نەوەك تاکە کەسێك بۆیە بەداخەوە دەبوو کاربەدەستانی وەك کوردستان پۆست پاڵپشتییان لە ئەزموونی کوردستان بکردایەو هەوڵییان بدایە کێشەکان ڕوون بکەنەوە بەمەبەستی پێشکەوتنی ئەزموونی کوردستان نەوەك ڕەخنەگرتن بۆ تێکدان و لەکەدارکردنی ئەو ئەزموونەی کە خەڵکی کوردستان چەندەها ساڵە چاوەڕوانی دەکات و بگرە شانازیشی پێوە دەکات بۆ ئێوەش هاوکار نەبوون بۆ پێشخستنی لە ڕێگای نووسینەکانتان؟ بۆ هەردەم هەوڵەکانتان بۆ تێکدانی بەردەوامەو بەردەوامیش بووە... هەرچەندە پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت (دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێت) بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان جێگای نیگەرانییە کە کورد هەر بۆخۆی ئەزموونەکەی لەکەدار بکات و دڵی دوژمنانی بەخۆی خۆش کات...

بۆیە تاراخان نیگەرانە لەوەی کە من بەناوی خەڵکەوە ڕای خۆم لەسەر کوردستان پۆست داوە... من دەڵێم وادیارە خانم گیان تۆ لە کوردستان نیت و ئاگات لە قسەی خەڵکی و قسەی ناو ڕۆشنبیرانی کورد نییە کە چۆن باس لە کوردستان پۆست دەکەن کە بگرە بە سایتێکی تێکدەرانە ناوەزەندی دەکەن.. ئەگەر بڕواش ناکەیت تەنها ڕای چەند کەسێك وەربگرە پاشان قسەکانی منت بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەڵام خانمە ناسکەکە جەنابیشت وادیارە زۆر بەپەلە وەڵامت داوەتەوە کە زۆر شت هەبوو کە دەبوو پرسیار بکەیت و پێم بڵێیت وایەو نەخر وانییە، ، ، ، بەڵام لێت ناگرم وەك خۆت گووتەنی تازە نووسەریت واتا بەکوردی گوتەنی جارێك قازیت، هەروەها دەمەویت ئەوە ت بۆ روون بکەمەوە کە من هەرگیزقسەم بەکەس نەووتوە لە قسەی ڕاست و حەق زیاتر هیچی تریش ناڵێم چونکە کە دەستم بەکاری نووسین کرد لە سەردەستی سایتێکی وەك کوردستان پۆست گەورە نەبووم بەڵکوو لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردەکرام کە بەقسەی حەق بڵێم حەق و بە ناحەقیش بڵێم ناحەق بۆ یە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە ئەو ڕاستییانەی دەشێوێندرێن ئەگەر ڕووە ڕاستییەکانی بزانم خۆمی لێ بێدەنگ نەکەم و وەڵام بدەمەوە، بۆ یە خانمەکەم لەم ڕوانگەی بیرکردنەوەم بۆم هەیە باسی کەسێتی کەمالی سەید قادر بکەم کە بەڕاستی نەخۆشی دەروونی هەیە ئەمە بەتەنها قسەی من نییە بەڵکوو قسەی هەموو خەڵکە... کە بەداخەوە کە سێکی نەخۆشی وەك کەمال دەڵێت من کوردم.. چونکە ئەوەی نووسیەنەکانی بخوێنێتەوەو بیر لە ووتەکانی بکات و داوای لێبووردنەکەی لە بەندیخانەی هەولێر بخوێنیتەوە کە داوای لە پارتی کردبوو بیبووریت لەو قسانەی کە بەدەم پارتی و بنەماڵەی بارزانی کردببووی؟... دە وەرن خەڵکینە ئێوە حاکم بن و بڵێن ئەمە نەخۆشە یان سەرخۆشە؟؟؟؟ بۆیە کاك تارا ببورە تارا خان جەنابیشت هەر لە سەرەتای نووسینە ساواکەتدا بە شان و باڵی کوردستان پۆست و کەمالی سەید قادر هەڵدەدەیت و بە چاو کویرانە ڕای خۆت داوە بەڵام مادام تۆ تازە نووسەریت لە ئێستاوە خۆت لەسەر نووسینی بابەتەکانت بە چەواشەکاری ڕابهێنیت وابزانم ئایندەیەکی باش چاوەڕوانت ناکات.... تاراخان یان کاك تارا، ، ، جەنابت زۆر پیایاندا هەڵمەدەو زەحمەت نەبێت بەناوی ئەوان قسە مەکە و مەڵی قسەکانی کەمن لە بابەتەکەم نووسیوومە بچووك و کەمیان ناکاتەوە، ، مەبە بە دەم ڕاستی خەڵکی خۆتۆ پێش ئێستا ئامازگاری منت دەکرد کە من خۆم دەکەمە دەمڕاستی ڕای خەڵکی ئەی ناسکەکە ئێستا تۆ چۆن حەق بەخۆت دەدەیت خۆت بکەیتە دەمڕاستی کەمالی سەید قادر بەوەی کە نووسینەکەم بە خەیاڵیدا نەهاتووەو بچووك نەبۆتەوە یان کەم ناکات... ؟؟؟؟ لەوە خۆشتر تۆ باس ووشەیەك دەکەیت و دەڵییت پارتەکەت. خانم کی دەڵێت من پارتیم کی دەڵێت من ئەسلەن حزبیم یان

تۆ زوو وەرەقەی ژێرخۆتت كەشف كردوو خۆت بە دۆست و لایەنگری كەمال ناوێك و سایتی كوردستان پۆست دەزانیت و زۆریش شانازییان پێوە دەكەیت و عیبادەتیان دەكەیت دە هەستەوە و هەولێری كرمانجی گووتەنی لە خەونی عوشتر ڕابەوە بەخۆتدا بچۆرەوە هەرچەندە تۆ هیشتا لە نووسین قازیت قازززززززز.... دەمەویت ئەوەشت بەبیر بهینمەوە كە بۆتۆ نەهاتووە فیری ریساكانی نووسینم بكەیت جاری برۆ تۆ خۆت فیر بكە خەمی خەلكیت نەبیت من باش دەزانم چی دەنووسم و چی دەڵێم هەرگیز خۆم سەغلەت نەكردووە وەك ئەوەی تۆ باسی لێوە دەكەیت زەحمەت نەبیت بە مامۆستاكەشت بڵی سەرەتای ڕێساكانی نووسین وەك ئەوەی تۆ نابیت كە دەنووسیت، ، ، ناسكە خانم مرۆڤ هەركات بییەوێت بەرامبەرەكەی سەغڵەت بكات بەم شیوەیە نییە كە تۆ باسی دەكەیت یان بۆ جوان كردنەكەی نووسینەكەت ئەم ووشەیەت بەكار هیناوە بەهەرحال ناسكەكەم باشتر وایە بۆ جارێكی دیكەت با وات فێر بكەن كە ئەگەر بتەوێت وەڵامی كەسێك بدەیتەوە بزانیت چی دەڵییت و لەگەڵ كێش قسە دەكەیت نامەویت لەوە زیاتر وەختت بگرم سەلام لە دۆستانت بكە وە پێیان بڵی كە با ئاوها زوو خۆیان سەخڵەت نەكەن خۆمن جاری هیچم نەووتووە و هێشتا فایلەكانیانم بڵا نەكردۆتەوە وا بەجاری هەناسە بڕكێیان تێكەوتووە گوود نایت تارا خان ببورە كاك تارا...